# با ڕێپێوان و خۆپێشاندان، ببێتە کارێکی ڕۆژانەی کورد

ئەمجەد شاکەلی

لەو دەمەوە، کورد سیاسەتی کردووە و کەڵکەڵەی بیری سەرخۆبوون و ئازادی کەوتۆتە مێشک و هەوڵی بۆ داوە، تا ڕادەیەک، یەک جۆرە شێوازی، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، بەکار بردووە، ئەویش دەستدانەچەک و هەڵزنان بە چیادا و بەرپاکردنی شەڕی چەکدار، دژی دوژمن. تەواوی ئەو شەڕانەش، لە نێو ماڵی کورد خۆیدا، لە نێو خەڵکی کورد خۆیدا، لە سەر خاکی خۆی و لە کوردستان، کراون. ئەو جۆرە شەڕانەش، پتر بوونەتە هۆی وێرانکردن و زیانپێگەیاندنی کوردستان و نەتەوەی کورد. ئەڵبەت لە پاڵ ئەو جۆرە خەباتەدا(شەڕی چەکدار)، زۆر جۆر و شێوازی دیکە هەن، لێ ئیدی بە هۆی دڕندەیی و زۆر و ستەم و دەستنەپاراستنی دوژمنانی کوردەوە بوویێت، یا بە هۆی نەزانینی بەکاربردنی ئەو جۆر و شێوازانە، کورد، ئەو کارەی نەکردووە و هەر پەنای بردووەتە بەر شێوازە نەریتییەکەی خۆی(چیا، چەک، شەڕی چەکدار). ئەوەی 2003/12/22 لە کەرکووک، ئەنجام درا، ئەو ڕێپێوان و خۆپێشاندانە، کارێکی زۆر باش و دڵخۆشکەر و لەجێی خۆیدا بوو. دیارە ناشکرێت هەروا و سەرپێی، بڵێین باشە و ئیدی چاوپۆشی لە کێماسییەکانی بکەین. بە بڕوای من، کە کورد، کارێکی وا(خۆپێشاندان و ڕێپێوان)، لە هەر کوێیەکی کوردستان، یا دەرێی کوردستان، دەکات، گەرەکە وەک کورد بیکات، نەک وەک حیزب. با وەک کوردستانیی بیکات، نەک وەک فلانە بەش و فیسارە شار. لە کەرکووک، لە بری ئەوەی، پەڕۆی کەسک و پەڕۆی زەرد و وێنەی جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی، هەڵگرن، دەبوو تەواوی ئەو پەڕۆ و چارۆکانەی، کە هەڵگیرابوون و تەنێ ڕەنگی کەسک و زەرد بوون، ڕەنگی دیکەیشیان تێدا بووایە، خۆ کەرکووک تەنێ شاری پارتی و یەکیەتی نییە!. کەرکووک، شاری هەموو کوردە، ئیدی ئەو کوردە، لە کوردستان بێت یا لە بۆلیڤیا، ئەوە گرنگ نییە. دەبوو لە بری تەواوی ئەو پەڕۆ و وێنانە، تەنێ ئاڵای کوردستان و پەڕۆی هەمەڕەنگیان، هەڵگرتبا. با پەڕۆی کەسک، زەرد، سوور، شین، ڕەش، سپی و هەرچی ڕەنگی دیکەش لەم دنیایەدا هەن، هەڵگیرابان. هەڵگرتنی ئاڵای ئەمەریکا و ئینگلیزیش، بەلای منەوە، هیچ کارێکی جوان نییە و چ پێویستیش نییە. ئەو ڕێپێوان و خۆپێشاندانەی دوێنێ، کە لە کەرکووک کرا، دەشێ لە هەموو باژێڕێکی دیکەی کوردستان بکرێت. دەشێ تەواوی باژێڕەکانی کوردستان، ئەوانەی تازە ڕزگار کراون، کەرکووک، خورماتوو، تاووغ، جەلەولا، خانەقین، مەندەلی، بەدرە، مووسڵ، شنگال و...بگرێتەوە و ئەو باژێڕانە، بکرێنە ڕێپێوانگە و خۆپێشاندانگە و بەردەوام، بێبڕانەوە، بێپشوو، بێڕاوەستان و هەمیشە، بە هاتوهاوار و قیڕە و گوتار و دروشم و هەموو جۆرە شێوازێک، دەنگ و خواستەکانی خەڵکی کورد، بدرێت بە گوێچکەی کەڕی دەسەڵاتدارانی ئەوڕۆی عیراقدا. دەشێ خەو و حەسانەوە و تەوەزەلیی، لە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە حەرام بکرێت و مۆڵەتی بیرکردنەوەیان نەدرێت. ئەوەی دوێنێی کەرکووک، دەشێ ببێتە کارێکی ڕۆژانەی هەموو کورد. ئەوەی دوێنێی کەرکووک، دەشێ ببێتە ئەرکێکی نەتەوەیی هەموو کورد. لاوان، ژنان، ماڵباتی شەهیدان، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، کوردانی فەیلی و تەواوی توێژ و چینەبەشخوراوەکانی کورد، دەشێ پێشەنگی ئەو ڕێپێوان و خۆپێشاندانانە بن. لە تەواوی وڵاتگەل و جیهانێک، کە برێک ئازادییان تێدان، ڕێپێوان و خۆپێشاندان، هۆکارێکی گەلێک مەزنن، بۆ گوشارخستنەسەر دەسەڵات. لەو ڕێگەیەوە خەڵک دیتن و بۆچوون و ڕای خۆی دەگەیەنێتە دەسەڵات و مەرجەکانی خۆی، بە سەر دەسەڵاتدا، دەسەپێنێت. کورد، لەو ڕەوتە، دوا کەوتووە و

ئێستاش، که ئیدی مەترسی گازی کیمایی و ئەنفال، لە ئارادا نییە، ئەو ڕێپێوان و خۆپێشاندانانە، کاریگەرترین شێوازن، بۆ گەیشتن بە ئامانج. هیچ پاساوێکیش بۆ شەرمکردن و ئەنجامنەدانی ئەو کارانە نییە. ئەوەی دەڵێت: "نابێ و ناکرێ و کەی کاتی ئەوەیە و با برا عەرەب و تورکمان و...لێمان زیز نەبن، و دۆستایەتییان لەگەڵماندا نەپسێت، و با چاوەڕوان بین بزانین دۆستەکانمان(ئەمەریکا و ئینگلیز) چ دەکەن و چ دەڵێن"، ئەوە هەرگیز لە بەرەی گەل نییە و ڕاست ناکات و هیچ پێویستیش نییە، خەڵک گوێی لێ بگرێت. بە پێچەوانەی ئەو قسەیەی (دوکتۆر مەحموود عوسمان)ەوە، کە دەڵێت:"ئەو داخوازییانەی، کە لە خۆپێشاندانەکانی کەرکووکدا، گوتران، بە تەواوی لە هەڵوێستی فەرمیی کورد، جیاوازن، کە داوای فیدرالییەک دەکات لە نێو عیراقێکی یەکگرتووی، یەک خاک و یەک گەلدا. ئەوانەی، کە دروشمی جیابوونەوە لە عیراق بەرزدەکەنەوە، لاوانێکی توندڕۆن و دابڕاون لە هەڵوێستی گەلی کورد و حیزب و هێزە نوێنەرەکانی، کە سوورن لە سەر ئەوەی، کورد بەشێکی جیانەکراوەیە لە گەلی عیراق و دەڤەری کوردستانیش بەشێکە لە خاکی یەکگرتووی عیراق...هەرچی هەلگرتنی ئالآی کوردستان و نەبوونی ئالآی عیراقە، واپێدەچێت، کە دەستێکی نادیار هەیە، یاری دەکات و مەبەستیشی زیانگەیاندنە بە ڕەوتەکە، چونکە ئالآی فەرمی عیراق، لە سەر هەموو بارەگای کارگێڕییە فەرمییەکان، لە ناوچەکانی کوردستان، هەڵکراوە و بە فەرمییش دانی پێدا نراوە، هەرچی ئالآی کوردستانیشە، ئەوە نیشانەیەکە، کوردان لە هەندێک بۆنەدا، بەرزی دەکەنەوە"[1]. من پێموایە، ئەوەی لە کەرکووک گوترا و باسکرا و هاواری بۆ کرا، ئەوە خواستی هەموو کوردە و دەنگی ڕاستەقینەی هەموو کوردە. هیچ کوردێک لەگەڵ ئەوەدا نییە، باشووری کوردستان، بەشێک بێت لە عیراق و تاکە چارەسەریش بۆ کێشەی کورد، لەو بەشەی کوردستان، کە دوکتۆر عوسمان و سەرانی حیزبە کوردییە-عیراقییەکان، دەیانەوێت، نەیبیسن و خۆیانی لێ کەڕ دەکەن، جیابوونەوەی کوردستانە لە عیراق و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. ڕاستە ئەوەی ئەو خەڵکە داوای دەکات، لەگەڵ هەڵوێستی فەرمیی حیزبە کوردییە-عیراقییەکاندا ناگونجێت، لێ ئەو حیزبانە و سەرانیان و تەواوی عیراقییان و عەرەب و تورکمان و ئاشووری و کلدان و ئەمەریکا و ئینگلیزیش، دەبێ ئەوە بزانن، کە خەڵکی کورد ئەوەی دەوێت، خەڵکی کورد ئازادی یەکجاری و سەربەخۆیی دەوێت. ئەو ئالآیەی عیراقیش، کە دوکتۆر عوسمان، بە فەرمیی دادەنات، هەر ئالآی بەعسە و دوکتۆریش لە من و منانی دیکەیش چاکتر دەزانێت، کە ئەو ئالآیە، لە 1963وە کرا بە ئالآی عیراق و بەعس کردی، کاتێک دەیەویست لەگەڵ سووریا و مسردا، یەکبگرن. ئالآی کوردستانیش، تەنێ هی بۆنە و ئەوانە نییە، بەڵکە ئالآیەکە، ئەوڕۆ تەواوی کورد شانازیی پێوە دەکات و ئیتر دەبێ هەر هەڵکرێت و هەر شەکاوە بێت. من بۆ خۆم هێندەی ڕێزەیەکیش ڕەگەزپەرست و شۆڤینیست نیم، لێ دوکتۆر عوسمان و تەواوی سەرانی دیکەی کورد، دەبێ لەوە تێبگەن، کە تەواوی ئەو نەتەوە و گەل و وڵاتانەی دەوروبەری کوردستان و تەواوی عەرەب و تەواوی تورک و تەواوی فارسی جیهان و...هیچ کاتێک بە سەربەخۆیی کورد و کوردستان قایل نابن، ئەگەر کورد چاوەڕێیی ئەوان بێت، دەبێ نەک هەر بێ سەربەخۆیی، بەڵکە بێ هیچ مافێکیش سەر بنێتەوە. ئەوانەی ئێستا فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی عیراقن، لە ڕێپێوان و خۆپێشاندان و دەنگبڵندکردنەوەی خەڵک و ڕاسازکردن و هاتوهاوار تێدەگەن، چونکە وڵاتانی خۆیان تژین لە وەها چالاکییەک و هەمیشە خەڵک لە سەر جادەیە و هەمیشە خەڵک خڕ بووەتەوە و جادە دەگیرێت و دەبڕدرێت و پۆلیس وەبەر بەرد دەدرێت و هەمیشە سەدان دروشم و دەیان داخوازی دەچنە پێش بەرپرسانیان و هەرگیز بێ

[1] دوکتۆر مەحموود عوسمان، ئەو قسانەی بۆ سایتی ئیلاف(ایلاف)"www.elaph.com "ی عەرەبی کردبوو، ڕۆژی 2003/12/22.

ئەو دەنگە تووڕانە، بەرپرسانی وڵاتەکانیان سەرنانێنەوە و ئەو دەنگانەش، تا نادادی هەبێت، هەرگیز خامۆش نابنەوە. ئەگەر کورد درێژە بەم شێوە خەباتەی ئێستای بدات و سەرانی پشتی نەدەن بە زەویدا، گومان لەوەدا نییە، ئەنجامێکی باش دێتە دی و کورد لە ئاواتە مێژووییەکانییەوە نێزیکتر دەبێتەوە و دەیگاتێ. با ئەو ڕێپێوان و خۆپێشاندانانەیش، وەک ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ، هەمیشە بگڕێت و ڕێگەی خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی و ئازادی ڕوون کاتەوە، چونکە ڕێپێوان و خۆپێشاندان و بێدەنگنەبوونی هەر گەلێک، لە ناڕاستی و نادادی، زیندوویی ئەو گەلە دەگەیەنێت، با کوردیش پێشانی بدات و بیسەلمێنێت، کە یەکێکە لەو گەلە زیندووانەی جیهان.

2003/12/23